# سمـ

١

تاریکیو
زۆرداری ڕوویان لە هەمووشتێک
کرد، زۆرداری مانای هەمووشتەکانی گۆڕی،
تەنانەت خۆر هیچی نەدەکرد، جگە لە ئاوابوون...
جا نازانم ئەو ئاوابوونە ڕاستەقینە بوو، یان خەیاڵکردنەوەی
ترسناک بوو، کە مێشکی نەخۆشو ماندووم ئەنجامی بیرکردنەوە
وێنایدەکرد؟.. گشت سمۆرە ئەندامەکانی خێزانەکەم وەک تارمایی
کوشندە دەجولآنەوە، هەتاکو ئەو ڕێوییە دڕندەیە زەفەریان پێ
نەبات کە لە دوێنێوە بەردەمی ماڵەکەمانی گرتبوو و تاونەتاو یەکێک
لە کەسوکارم یان هاوڕێکانمی ڕاودەکرد.. بەوجۆرە مردن هەڕەشەی
لە هەموان دەکرد، بەڵکو دەتوانین بڵێین هەموومان مردووین،
بەڵام نازانین ڕێوییە دڕەندەکە چ کاتێک هەڵدەبژێرێت.. چەند
ڕقم لێیەتی.. ئەو مەکینەی کوشتنە لە شێوەی ڕێویدا
بەرجەستەبووە.. ئەو جەستەیە بەبێ دڵ، خوێنڕێژە
بەبێ ئەقڵو بە بینینی نێچیرەکەی هەنگاو
بەرەو کوشتن دەنێت.

٢

دەزانم نووسین بێسوودە، بەڵام بڕیارمداوە بنووسم،
هەتاکو ئەگەر نورەم هاتوو و مردن زەفەری پێ بردم،
ئەو پارچە کاغەزە بە زیندوێتی بمێنێتەوەو ئەوانەی
دوای ئێمە بزانن چەند بەدەست ڕێوییەوە ناڵاندومانەو
ئێمەی نەوەی سمۆرە چەند لاوازین. پێش ئەوەی
سمورە بچکۆلە حیکایەتەکەی تەواوبکات، دەستی
دڕندەی ڕێوی گەیشتە ناو هێلانەکە، بۆ ئەوەی بێ
جیاوازی نێچیرەکەی تری هەڵبژێرێت، چونکە بەلای
ئەوەوە هەمووان وەک یەکن.. لەو کاتەدا بۆشاییەکی
بچووک لە خوار قوڵییەوە دەرکەوت، کە بەسبوو
بۆ هەڵهاتنی سمۆرە بچکۆلە لەو تەڵەیەی ڕێوییەکە
نابویەوە. لێرەدا هەنگاونانی سمۆرەکە لە بیرکردنەوەی
خێراتربوو، چونکە بەدەرکەوتنی ئەو بۆشاییە بەهەموو
هێزی خۆی وەک گوللە بۆی دەرچوو و ددانەکانی
ڕێوییەکەی لەدوای خۆیەوە جێهێشت. بەوجۆرە
سمۆرە بچکۆلە دنیای بچوکی ماڵی خۆیانی
جێهێشتو چووە ناو دنیای گەورەوەو هەر
ڕایکرد تاکو گەیشتە چواردەوری دووری
دارستانەکە. لەوێش سمۆرە بچکۆلە لە
دڵڕەقیی ڕێوی دڕندە ڕزگارییبوو و کەوتە
ناو دۆزەخی دارستانی ترسناکەوە..
چونکە درەختە بەرزەکان وەک ئەو
کەتانە وەهابوون کە پاسەوانیی
دنیایەکی نادیاری پڕ لە نهێنیان
دەکرد. بەوجۆرە سمۆرەکە
لە یەکەمین چرکەساتەوە لەوە
تێگەیشت



# ـــۆرەی فڕیو

نووسینی: سوبحی سلێمان
نیگاری: ئەحمەد ڕەزا
لەعەرەبییەوە: ب. مالڤە

٣

لە
هەر کاتێکدا بێت دەکوژرێت
یان دەخورێت، بەڵام بەقوڵی بیریکردەوە،
ئینجا وتی: بۆچی ڕێوییەکان دەمانخۆن؟!..
دوایی بەدەنگی بەرز لەگەڵ خۆی قسەیکردو وتی:
چۆن دەتوانم خۆم لە خراپەکاریی ڕێوی‌و گشت دوژمنەکانم
بپارێزم؟!.. دواتر لە ژێر درەختێکی بەرزدا دانیشت بۆ ئەوەی
پشووبداتو بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو تێیکەوتووە.. بێهیوایانە
ڕوانییە ئاسمانو دڵۆپێک فرمێسکی خەمبار کەوتە سەر ڕوومەتی..
لەناکاودا چولەکەیەکی جوانی بینی بەئاسماندا دەفڕی، خۆزگەی
خواست باڵندەیەک بوایە دوو باڵی بەهێزی هەبوایە، هەرکاتێک
ڕێوییەکان لێی نزیکبوونەوە، بفڕێت. سمۆرەکە چاو
بەفرمێسکەوە خەوی لێ کەوت. بەیانی بەهۆی
تیشکی خۆرەوە خەبەرییەوە.

٤

هەناسەیەکی خۆشیی هەڵمژی، کاتێک بینیی دەتوانێت
لەسەر چوار پێی خۆی ڕاوەستێت، بەڵام هەستیکرد شتێکی
سەیر بەدەستییەوەیەو بوونەتە دوو باڵ، دووباڵ لە پەڕ نا،
وەک ئەوەی چۆلەکەکان، بەڵکو دوو باڵ لە پێستێکی تەنک.
سمۆرەکە زۆر دڵخۆشبوو و کەوتە باڵەفرەو زۆری پێ نەچوو
وردە وردە بەرزبووەوە تا گەیشتە بەرزاییەک لە ئاسماندا.

٥

ئەو زۆر بەختەوەربوو، چونکە دووربوو لە کەڵبەو ددانەکانی
ڕێوییەکە. لەو کاتەدا کە ئەو نقومی خۆشی بوو، داڵێک
لێی نزیکبووەوە، بۆ ئەوەی بە دەنوکەکانی ڕاوییکات، کاتێک
سمۆرەکە هەستی بەوە کرد، هەوڵیدا بەهەموو هێزی خۆی
هەڵبێت، بەڵام بەرەو کوێ؟! چونکە داڵەکە زۆر بەهێزبوو و
خاوەنی دوو باڵی بەهێزیش بوو، باڵەکانی سمۆرەکەش بچووکو
لاوزابوون، ئاسمانیش فراوانو بێکۆتایی بوو و هیچ شوێنێکی لێ
نەبوو بۆ خۆشاردنەوە، بۆیە هەستیکرد بەوەی ئەوە کۆتاییە.
ئەوەبوو داڵەکە هەڵمەتی بۆ سمۆرەکە بردو بە دەنوکی گرتیو
فڕیدایە ناو هێلانەکەی بۆ بەچکەکانی. کاتێک سمۆرەکە کەوتە
ناو هێلانەی داڵەکەوە، پەشیمانبووەوە لەو خواستەی هەیبوو.
ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە کێشەی ڕاستەقینە، زاڵبوونە بەسەر
خودی ترسدا، چونکە ئەگەر ئەو زاڵبێت بەسەر ترسی خۆیدا،
ئەوا دەتوانێت هەمووشتێک بکات. بەچکە داڵەکان دەنوکە
تیژەکانیان کردەوە، سمۆرەکەش وردە وردە لێیان نزیکبووەوە.
کتوپڕ سمۆرەکە بەتوندیی قیژاندی..

٦

سەرەنجام
لە خەو ڕاپەڕی. دەستی
بۆ هەموو لەشی خۆی برد، چونکە
وایدەزانی داڵەکان هەنجن هەنجنیانکردوە،
بەڵام کاتێک بەتەواوی چاویکردەوە، لەوە دڵنیابوو
کە خەوی بینیوە.. سەرەنجامیش وانەیەکی وەرگرت
دەربارەی ئەوەی هەرچەندە شێوەو ڕواڵەتی خۆی
بگۆڕێت، مەترسییەکان هەر چواردەوریدەدەن، بۆیە چاکترە
ڕووبەڕووی ترس ببێتەوەو هەوڵبدات زاڵبێت بەسەریدا.
بۆیە گەڕایەوە بۆ ناو ماڵەکەی خۆیان، بۆ ئەوەی لەگەڵ
هاوڕێکانیدا بەرەنگاری ڕێویی دڕندە ببێتەوە، چونکە
ئەگەر بەباشی بیریانکردەوە، ئەوا بێگومان دەتوانن
زاڵبن بەسەریدا. بەوپێیەی زوڵم بێکۆتایی
نییەو ڕۆژێک دێت کۆتایی پێ بێت.

تەواو